## ناوەندی هەڵە بجە

## دژ بەئەنفالـــــکردن و جینۆسایدی گەلی کـــورد - چاك

---

لە ژێر دروشمی ( بەرەو بەدەستهێنانی مافە یاساییەکانی گەلێکی جینۆسایدکراو ) لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە کاتژمێر 9ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ناوەندی چاك ڕێکەوتی 2010/7/17 یەکەمین کۆنفرانسی خۆی لەکوردستان بەست .

لـــە تـــەوەری یەکـــەمی کۆنفرانســـەکە دا بـــە ئامـــادەبوونی نوێنـــەرانی ناونـــدی چـــاك لـــەوڵاتانی دەرەوەو بـــە ئامـــادەبوونی ڕێکخراوەکـــانی کۆمـــەڵی مـــەنی و فیدراســـیونی ڕێکخراوەکـــان و یاساناســـان و خـــەڵکێکی زۆر لـــەمیوان و دۆســـتانی





ناوەنـــد لەهەڵە بجـــەو گـــەرمیان و گۆپتە پـــەو بالیســـان و قـــەرەداغ لەبـــەر ڕۆشـــنایی ئاما نجەکانیدا دەستپێکی بەرنامەی کۆنفرانسەکە ڕاگەیەندرا.

سەرەتا کە هەردو ئەندامانی ناوەندی چاك فەریدون فەتاح و بژارتەها خەلیل بەرنامەکەیان بەرێوەدەبرد پاش بەخێراهاتنی میوانەکان ، دەقیقەیەك بەماتەمینی راوەستان. پاشان وتاری لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانسەکە لەلایەن مامۆستا ئەرسەلان عابدەوە خوێندرایەوە. داوای ئەویش چالاکیەکانی ناوەندی چاك لەکوردستان بە سکرین پێشکەش بە ئامادەبوانکراو لەلایەن عومەرمحەمەدەوە شیکردنەوەو رونکردنەوەیان لەسەردرا، هەروەها چالاکیەکانی ناوەندی چاك لە خۆرئاوا لەلایەن دلێر محمد عەلییەوە رونکردنەوەو شیکردنەوەیان بۆکرا. ئەو ئاما نجانەی لە کۆنفرانسەکەدا خرانە روو بریتی بوون لە :

1. قەرەبوو کردنەوەی مادی زیانلێکەوتوان.
2. قەرەبوو کردنەوەی مەعنەوی گەلی کورد وەکو نەتەوەیەکی جینۆسایدکراو لەچوارچێوەی دەولەتی عێراق دا.
3. بەدەستهێنانی بریاری حەصانەی دەستوریی لەناوخۆی ولاّت و حەصانەی نێودەوڵەتی لەنەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئەوەی جارێکی تر نەتەوەی کورد بەر سیاسەت و پەلاماری جینۆساید نەکەوێتەوە.





شایانی باسە
ئامادەبوان هەریەکە
لە نوێنەری وەزارەتی
کاروباری شەهیدان و
ئەنفالکراوان
( عەبدولکەریم
هەڵەدنی )و نوێنەری
رێکخراوەکان و
یاساناسان و
چالاکوانانی دۆسێی





ئەنفال و جینۆساید قسەیانکردو سەرنج و پێشنیاری گرنگیان پێشکەش بە کۆنفرانسەکە کرد.



تەوەری دووەمی کۆنفرانسەکە :

کاتـــژمێر ســێی پاشــنیوەرو تـایبــەت بــوو بەئەنــدامانی ناوەنــدی چــاك کــە لەکاتـــژمێر 3ی پـــاش نیـــوەرۆ دەســـتی پێکـــردو لەکاتـــژمێر 5ی ئێـــوارە کۆتـــایی بەیەکـــەمین رۆژی کـــۆنفرانس هێنا .

1 - لەتـــەوەری دووهەمـــدا لەســـەر قسەو پێشـــنیاری زۆربـــەی ئـــەو میوانانـــەی کـــۆنفرانس لەهەلە بجـەو بـالیســـان و گۆپتە پـــە کــە پێشـــنیاری ئـــەوە خرابـــووە ڕوو، نـــاوی ناوەنـــدی هەلە بجـــە بگۆردرێـــت بـــۆ ناوەنـــدی کوردســـتان، بـــەڵام ئەنـــدامانی ناوەندەکـــە ئـــەوەیان رەتکـــردەوەو بریـــار درا کـــە نـــاوی ناوەندەکـــە وەکـــو خـــۆی بمێنێتـــەوە، لەبـــەر ئـــەوەی گـــۆرینی ناوی ناوەندەکە لەتوانای تەنها کۆمیتەی وڵاتێکدا نیە .

2- بریـــاردرا ناوەنـــدی چـــاك بەسیســـتماتیك کاربکـــات و لـــە رۆژانـــی داهـــاتوودا بەرنامـــەی کاری 6 مانگی داهاتوو دابنێ . لیژنەیەکی تـایبەت بۆ ئەم ئەرکە پێکبهێنێ.

3- بریاردرا لیژنەیەکی تـایبەت پێکبهێنێ بۆ پێداچوونەوەی پەیرەوی ناوخۆ.

4- بریاریدا کەوا ئەم کۆنفرانسە هەڵپەسێرێ تـا رۆژانی هەینی و شەممەی داهاتوو .